کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا  17:19 21-7-2007

## پێشمەرگە،   ماندویەتی ماندوو ئەکا... !؟" ... موئمین زەڵمی

muminzalmi@yahoo. com



"ئیدی بە هیچ کلۆجێك خۆمان
لە وەڵامی پرسیارە گوماناویەکان
وون ناکەین،
چونکە پێش مان ملوانکەیەکی مەرگ
لە گەردنمان ئاڵێنراوە"...
وەرزی ڕۆحە،
هەموو لە خۆمان خۆمان ڕادێنین،
ئەلف و بێی باڵدار ئەنوسینەوە..
لە زیکر و تەهلیلەی شەوان ئەگەڕێینەوە...
ئێوارەیەکی دی دی... لە دی...
هەموو چاوەڕێی وەدی هاتنی ئاواتەکانی دێین،
ئەو ئێوارانەی هیچ کەسێکیتر نەینوسینەوە،
ئێوارەی چنینەوەی ڕازە سەختەکان،
چنینەوەی گڵێمێك لە دەنکە هەڵاڵەی مەرحەبایی و
کوڵاندنیان لە ناو مەنجەڵێکی ڕەش،
ڕەشتر لە ڕیحانەکەی بەر هەیوان،
دایکم منیشی لەوە تەڕی کردووە،
پێش تەواو کوڵانی دەنکە هەڵاڵەکان
قۆڵینەکەی بۆ بێنمە پێش،
ئاوەکەی کە عەتری هیوایە لێداچۆڕێنێت و
ئیدی هەر خۆی
تلَپی دەنکە هەڵاڵەکان ئەبەخشێتەوە
بەسەر منا  ڵەکانی خۆیا..
هێشتا لە ماڵئاوایی دەنکەهەڵاڵەکان نەبوینەتەوە
کە ماڵئاوایی ژیانێکی دیش دێتە پێش،
هێشتا لە حەقیقەت بە ئاگا نین
کەچی ئەبی کیسەیەکی دی
بۆ چنینەوەی مشت بە مشتی ئاواتەکان بدورین،
نەکسەیەکی دی لە گەڵ
هەموو مان و نەمانێکماندا دێت،
پێشمەرگەکانی خوا،
پەنجەکانیان
لەسەر پەلە پیتکە دانابوو،
پێشمەرگەکانی خوا،
بە ئاوە شلەتێنەکەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كانیاوی بن سەختەكەی
وشكەناو* دەستنوێژیان شۆرد،
دواییش گلۆر بوونەوە و
لە چەمە بەفراوەكەی خوارییان
تێر نۆشی...
پێش هەموو سەفەرێك
ئەوان خۆیان لەوە ڕاهێنابوو،
سەفرەی ئەم شاخانە سەختە،
تێرئاو ئەبوون، ...
پیاوانی خوا،
زمزمەكانیشیان بیر نەئەچوو،
ئەوانیشیان تەژی ئەكرد،
دوایش
دوای پشتێنەكەی یەك ئەكەوتن و
ریز ریز هەنگاوەكانیان تەی ئەكرد،
ڕێكردنی ئەوان چەشنی
سازگاری سەفەری ئەبەخشی،
ئێمە لە منالّی خۆمانا
هەنگاوەكانی ئەوانمان
تا لە چاو وون ئەبوون ئەژمارد،
هەمیشە پێش هەژماری هەنگاوەكان
خۆمان بۆ خەوەكەشی دانابوو،
ئاخر ئێمەی منالّ هەر هێندەی
كەمترین ژمارەی هەنگاو
تواناامان بەبەرەوە ئەما،
ئیدی لە خەوی سارە شەوا
بە تەواوبوونمان ئەسپارد،
ئێستاش بە بیرمان دی
هەمیشە بە لاقەدی هەموو
ئەو گەنجانەوە چەند دەنكە هەلاّلەیەك
دیاربوون كە عەتراوەكەشیان
بە كەتافیە خاكیەكانیانەوە
بۆنی بەو نێوەندانە ئەبەخشی،
لە موسافیر بوونی ئەمجارەمانا
بە تەنیشت چەند پەپولەیەكەوە
دەنكە هەلاّلەیەكم هەلّگرتەوە
كە لە چەمەكەی وشكەناو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاّودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شۆفێرێکی سەنگدڵ بە تایەی
ڕاستی ئۆتۆمبێلەکەی توند توند
سەروگوێلاکی شێلابوو...
ئەوەش پێش ئەو کاتە بوو
بگەمە کن ئەو تاوێرە سەختەی
بە خەتێکی جوان لەسەر نوسراوە:
"پێشمەرگە،
ماندویەتی ماندوو ئەکا... !؟"

*دۆلێکە لە سنوری هەرێمی کوردستان و ئیران لە ناوچەی هەورامان

muminzalmi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.